وێنەگرتن
لە باخچەی ئاژەڵاندا

زۆرجار مرۆڤ حەز بەوە دەکا وێنەی ئاژەڵە کێوی بگرێ، بەڵام ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نییە، گەڕان و سووڕانێکی زۆری دەوێ، زۆر لە وێنەگرە ئەورووپییەکان سەفەری دوور و درێژ دەکەن بۆ خواروی ئەفریقیا بە جێب و سەیارەی تایبەتی لە دارستانە تایبەتییەکان وێنەی ئاژەڵان، وەک شێر، فیل، پڵینگ، مەیموون و ئاژەڵی تر دەگرن، بەڵام ئەمە پارەیەکی زۆری دەوێ و کاتێکی زۆریشی دەوێ تا چەند وێنەیەکت دەست دەکەوێ. دەکرێ لەجیاتی ئەم حاڵەتە ڕوو لە باخچەی ئاژەڵان بکرێ بۆ وێنە گرتن، بەڵام دەبێ کات و ساتەکانی بۆ دیاری بکرێ و زوومی چاک بە دەستتەوە بێت تا بتوانی لە پشت تەلبەندەکانەوە وێنەیان بگری، لە کاتی وێنەگرتندا تەلبەندەکان دەرناچن وەک شتێکی ڕوون (شفاف) دەردەکەون.

وێنەکان پێویستە هەمەجۆری تێدابێت، وەک ئاژەڵەکان لە کاتی نووستنیاندا، یان لە کاتی یاری کردن لەگەڵ یەکتری، یان ململانێ لەگەڵ یەکتری بۆ هەندێ شوێن پێویستیت بە هاوێنەی گۆشەکراوە دەبێت، بەڵام بۆ شوێنی تر لەوەیە پێویستیت بە هاوێنەی تەلی فۆتۆ بێت، چونکە ئاژەڵی درندەی تێدایە و لەوەیە پەلامارت بدەن، دەستت لێ بوەشێنن و بریندارت بکەن، بۆیە بۆ هەموو جۆرە ئاژەڵێک، یان باڵندەیەک پێویستە جۆرە هاوێنەیەک بەکاربێنی، بۆ هەندێ شوێن پێویستیت بە بەکارهێنانی فلاش باشی دەبێت. باشترین کامیرا بۆ ئەم جۆرە وێنانە کامێرای تاک هاوێنەی ڕفلێکسە (SLR)ە، خۆ دەبێ ستاندێکی چاکیشت پێ بێ تا لە

فارس سەعدی

رزینی کامێرا لە دەستت ڕوونەدات و وێنەکانت ڕێکوپێک دەربچن.

لە هەندێ باخچەدا ئاژەڵەکان بەگشتی لە پشت تەلبەند و ناوشیشبەند دانراون، بەڵام تۆ دەتوانی چارەسەری ئەم حاڵەتانە بکەی بەهۆی هاوێنەی تەلی فۆتۆوە شیشەکان لێڵ، یان شەفاف دەردەچن، بەڵام دەبێ گۆشە نیگای تایبەتی هەڵبژێری تا ئەم حاڵەتەت دەست دەکەوێ. لە هەندێ پارک و باخچەی گەورەدا ئاژەڵەکان بەرەڵلا کراون واتە ئازادن چۆن ڕەفتاربکەن و بجووڵێنەوە، لێرەدا وێنەگر وێنەی جوانتری دەست دەکەوێ، چونکە کەشوهەوا و ئاژەڵەکەش نیشان دەدرێ، وەک ورچ و مەیموون و بلبل و باڵندە و ئاژەڵی تر. ئەو هاوێنانەی بەکاردێن (١٠٠- ٣٠٠) ملم، (٣٥ - ٧٠) ملم، هەندێ جار هاوێنەی واید ئەنگڵی (٢٨، ٢٤) ملم گونجاون بۆ هەندێ گرتەی کاریگەر، ڕووبەرێکی زۆر فراوان بەرجەستە دەکەن. بۆ هەندی ئاژەڵ نابێ فلاش بەکاربێنی، چونکە تەقاندنەوەی فلاش، ئاژەڵەکە ڕادەچڵەکێنێ و لەوەیە بە تەوژمێکی گەورە و بەتین پەلاماری بینەران بدات، لەبەر ئەوە پێویستە دراسەتێکی چاک بکەی بەر لەوەی ڕوو لە باخچەی ئاژەڵان، یان پارکی تایبەتی بکەی بۆ زۆربەی گرتەکان، پێویستە ستاند یان سێپا بەکاربهێنی، چونکە هاوێنەی تەلی فۆتۆ بەکاردەهێنی و ئەمانیش کێشەکەیان قورسە، لەلایەکی ترەوە کونی هاوێنەی (f-5.6) و لەگەڵ خێرایی (1/ 250) چرکە بەکاردێت تا لەرزینی کامێرا لە دەستت ڕوونەدات، هەروەک لە سەرەتای وتارەکەمان ئاماژەمان پێ کردبوو. کاتێک لە پشت تەلبەندەوە وێنەکانت دەگری، تەلبەندەکە بەشێک لە ڕووناکی گەڕاوە دادەپۆشێ و کەمی دەکاتەوە بە یەک ستۆپ دەخەملێنرێ، واتە ئەگەر بەبێ تەلبەند وێنەکە بگری بەفەتحە (f-8) ئەوا دەبێ بە تەلبەندەکەوە بیکەیتە (f- 5.6)، خۆ ئەگەر فلاشیشت بەکارهێنا دەبێ فەتحەیەکی تریش زیاد بکەی و بیکەیتە (f-4) بۆ ئەوەی گرتەی کاریگەرت دەست کەوێ بە شێوازی براکێتینگ وێنەکە بگرە. بۆ جارانی تر وێنە بگری حاڵەتی پێشوو لە دەفتەری تێبینییەکانت بنووسە تا پێویستیت بە دووبارە تاقی کردنەوە نەبێت.

تۆ کە دەچیتە باخچەی ئاژەڵان، یان پارک، دەبێ پێش وەخت بزانی چ هاوێنەیەک بەکاردەهێنی و چ جۆرە وێنەیەک دەگری، بۆ نموونە: ئەگەر هاوێنەکەت واید ئەنگڵ بوو، ئەوا دەوروبەری ئاژەڵەکە دەردەخات، واتە ڕووبەرێکی فراوان دەردەخات، یان ئەگەر هاوێنەی تەلی فۆتۆت بەکارهێنا، ئەوا بابەتەکەت زۆر دێنێتە پێشەوە و وردەکاریەکانی دەموچاویان بەرجەستە دەکات.

لەنێو پارکەکاندا هەندێ دار و درەخت هەن باڵندەی جۆراوجۆریان لەسەر دەنیشێتەوە، یان بلبلی جوان جوان، ئەمە بوارێکی چاکی وێنەگر دەدات وەک گرتەیەکی سروشتی وێنەکان بگرێت، نەک لە پەنای تەلبەندەوە بێت. ئەوەی ئەم جۆرە وێنانە بگرێ، دەبێ چاوێکی خێرای هەبێت و دەستێکی خێراشی هەبێت بۆ بەکارهێنانی کامێراکە زۆر بەخێرایی.